# سوپای سودان کۆشکی سەرکایەتیی لە خەرتومی پایتەختی کۆنترۆڵکرد

سوپای سودان کۆشکی سەرکایەتیی لە خەرتومی پایتەختی ئەو وڵاتە کۆنترۆڵکرد و پەیامێکی بڵاوکردەوە.

نەبیل عەبدوڵا گوتەبێژی سوپای سودان لە پەیامێکدا کە میدیای فەرمی وڵاتەکەی بڵاویکردەوە، کۆنترۆڵکردنی کۆشکی سەرکایەتی راگەیاند و ئاماژەی بە ئەوە کرد، سوپای وڵاتەکەیان بەتەواوەتی هێزەکانی پشتیوانی خێرای تێکشکاندووە .

گوتەبێژی سوپای سودان، ئاماژەی بە ئەوەش کرد، لێکاتی کۆنترۆڵکردنی کۆشکی سەرکایەتییدا دەستیان بەسەر ژمارەیەکی زۆر چەک و کەرەستەی سەربازییدا گرتووە.

کۆشکی سەرکایەتیی سودان ماوەی دوو ساڵ لەلایەن هێزەکانی پشتیوانی خێرا کە هێزێکی نیمچە سەربازیی سودانە و لەگەڵ سوپای ئەو وڵاتە لە شەڕدایە کۆنترۆڵکرابوو.